Awene

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای ئاوێنە
سەرنوسەر: شوان محەمەد
جێگری سەرنوسەر: سەردار محەمەد
بەڕێوەبەری نوسین: یەحیا بەرزنجی

نوێنەری ئاوێنە لەئەورووپا
شوان حەمە نەرویج
٠٠٤٧٩٩٠٠٤٧٢٩
hamashwan.awene@yahoo.no

www.awene.com

پەنجەرە

خەتی سور

لەتیف فاتیح فەرەج

یان دەبێ میدیا ئازاد نەبێ، یان دەبێ خەتی سوور نەبێت. لەڕاستیدا ئەوەی ئێستا دەستبردن بۆ هەندێ پرسو بابەت خەتی سوورە، لەگەڵ بانگەشەی دیموکراتیو ئازادی بیروڕادا نایەتەوە. دەشێ هەندێ بابەتی هەستیار، میدیاکار دەستی بۆ نەبات، بەڵام ئەمە دەبێ پەرلەمان ئەو بابەتانە بە قانون دیاری بکات. بۆ نموونە دۆسیەی دادگا کە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، هەندێ پرسی ئاسایشی نیشتمانی، هاموشۆپێکردنی هێزی سەربازی...تاد.

دەبێ قانون، قانونی سەردەمی ئازادی، نەک قانونی سەردەمی بەعس کە تائێستا کاری پێدەکرێت، ئەو بابەتانە شرۆڤە بکات. پرسی قسەکردن لەڕابەرانو سەرکردەو سەرۆکو ئەو کەسانەی لەپێشەوەی هێزەکانیان بوونە، ناکرێ بە هیچ بیانوویەکەوە قەدەغە بکرێت. خۆ ئەگەر لەحاڵەتێکدا لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامەکانی دۆزمنیش قسە لەسەر ئەوان بکرێت، ناکرێ بەهیچ شێوەیەک رێگری لێ بکرێت. دەشێ بەپێی قانون، بەڵگەنامەکان بەبەڵگەنامەی ناحەزان ناوببرێت، هەروەها ئازادانەش دەرگا بۆ توێژەرانو پسپۆڕانی بکاتەوە تا لێیان بکۆڵنەوە.

خەتی سوور، بێ دیاریکردنی رێوشوێنە قانونییەکان، لەلایەن هەر حیزبو وەزیرو کەسێکەوە دیاری بکرێت، پێشێلکردنێکی ئاشکرای قانونو مافی مرۆڤو ئازادی رادەربڕینە. دیارە بەپێی قانونیش ناکرێت ناوی لێ بنرێت خەتی سوور. سەیرم پێهات بەم دەربڕینە ترسناکانە هەندێک دەیانەوێت بیانوو بدەنە دەست نەیارانی کوردەوە، تا بڵێن ئەوەتا ئەم دەسەڵاتە کوردییە بەرەو دیکتاتۆرییەت دەڕوات. دەسەڵاتی نەیاری تورکو عەرەبو فارسەکانیش ئەمەیان زۆر پێخۆشە.

لەدنیای دیموکراتو ئازاددا، هیچ کەسو حیزبو لایەنێک، بەپێی ئارەزووی خۆی خەتی سوور لەسەر شتەکان دانانێت. پێموایە ئەو بارودۆخەی ماوەی رابردوو، هەمومان ناچاری ئەوە دەکات هەڵوێستێکی دیکە وەربگرین. لاریمان لەوە نییە سەندیکای رۆژنامەنووسان لەگەڵ لیژنەکانی مافی مرۆڤو راگەیاندنی نێو پەرلەمان لەسەر رێوشوێنەکانی ئازادی رادەربڕین لەکوردستان قسە بکەن، بەئاراستەی فراوانکردنو رێکخستنەوەی، نەک تەسککردنەوەی مەوداکانی ئازادی. لەم مەسەلەیەدا ئەوە هەر رۆشنبیرو نوسەران نین کە پێویستە قسە بکەن، ئەوە تەنانەت ئەرکی هەرە لەپێشی ریفۆرمیستەکانی نێو حیزبیشە کە قسەیان هەبێت. بەشێکی زۆر لەشۆڕشگێڕەکانی دنیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو شتە بوون کە ناوی "خەتی سوور"ە. هەرچەندە لەهەندێک شوێن دواتر شۆڕشگێڕەکان زیاتر دەستیان ناوەتە بینا قاقای ئازادی. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ لەهەنگاونان بەرەو ئازادی رادەربڕینو میدیای ئازاد پاشگەزبینەوە. میدیاکاری کورد هێشتا لەبواری داکۆکیکردن لەخۆیدا زۆر دەستو پێ سپییە. نیگەرانم لەوەی لەنێو میدیاکارانی کورددا دەنگێک هەیە دەیەوێ زۆرینەی خەڵک لەخۆی بکاتە دوژمنو پێی خۆشە لەسەنگەرەکەدا تەنها بێت، وەک ئەوەی بیەوێت ببێتە "باتمان"و "پیاوی جاڵجاڵۆکە".

بۆ بەگژداچونەوەی خەتە سوورەکان، رۆژنامەنووسان پێویستیان بەهەموو کەسێکە، لەپێشەوە سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان، کە ناهەقییەکی زۆری بەرانبەر دەکرێت. ئێمەش سەرنجو تێبینیمان هەیە. ئێمە زۆرجار رووبەرووی رەوان ڕەخنەی خۆمان لەو سەندیکایە دەگرین، بەڵام سەندیکا هێزێکی مەعنەوی باشە لەپشتمانەوە. دەبێ وابکەین دەنگە ئازادیخوازو ریفۆرمخوازەکانیش بخەینە ریزی سەندیکاوە.

لەدنیای ئێمەدا بیرکردنەوە لەپێداچوونەوە بە یاسای کاری رۆژنامەگەری "خەتی سوورە"، نەک شتی دیکە، پێداچوونەوە بەمەبەستی لەمەنگەنەدان!

پارلەمان لەبەردەم کەمتەرخەمییەکی گەورەدایە، کە بە قانون ئەوەمان پێناڵێت ئاسایشی نیشتمانیو نەتەوەیی چییە؟ خەتی سوور چییە؟ پێویستە رۆژنامەوانان چۆن مامەڵە لەگەڵ بابەتە هەستیارەکاندا بکەن. پارلەمان بەگشتی کەمتەرخەمنو بەتایبەتیش ئۆپۆزسیۆن، کە نابێ ئەم بابەتە هەر لەچوارچێوەی قسەکردندا بهێڵێتەوە!.

شاری پاشای نیشتەجێبون

شاری پاشا هەڵدەستێت بەفرۆشتنی شوقەکانی، بەڕووبەری ١٥٠م٢ بەباشترین کەرەستەی بیناسازیو پاراستنی لەگەرماو سەرما بەتازەترین سیستەمی (عزل)

- سێ ژووری نوستن
- یەک ژووری میوانی گەورە
- چێشتخانەیەکی مەخزەنێک
- دوو حەمامو تەوالێت
- دوو بەڵەکۆنی دلگیر
- مەخزەنێکی ١٠م٢ لەژێر زەمین



◆ ناونیشان: سلێمانی - ڕاپەڕین
بەرامبەر دەروازەی فڕۆکەخانەی سلێمانی، تەنیشت قەیوان سیتی
ژمارەی تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠١٧٢٢٩٩ - ٠٧٧١١٥٢١١١٢ - ٠٧٥٠٣٢٨٢٤٥٨